# باسی کات

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( كن في الدنيا كانك غريب او عابري سبيل ) رواه البخاري واته : ( وا له دونیا بژی وەك كەسێكی غەریب یان وەك كەسێكی ڕێبوار ) . وكان ابن عمر يقول : ( اذا امسيت فلا تنتظر الصباح واذا اصبحت فلا تنتظر المساء وخذ من صحتك لمرضك ومن حياتك لموتك ) واته : ( وه عبدالله ی كوڕی عمر خوا لێیان ڕشازی بێ ئەی فەرموو : ئەگەر شەوت بەسەر داهات ئەوە چاوەڕێی بەیانی مەكە ، وە ئەگە بەیانیت بە سەر داهات ئەوە چاوە ڕێی شەو مەكە ، وە لەو كاتەی تەندروستیت باشە كردەوەی چاك بكە بۆ ئەو كاتەی كە نەخۆشی بۆت ناكرێ ، وە كە لە ژیانی كردەوەی چاك بكە بۆ مردنت ) وه له ڕیوایەتێك ئەوەشی فەرمووە : ( وعد نفسك فى اهل القبور ) واته : ( وه خۆت وا بژمێرە كە له ئەهلی گۆڕستانی _له ناو گۆڕیت_ ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس الصحة والفراغ ) رواه البخاري واته : ( دوو نیعمەت هەن زۆربەی خەڵك لێی بێ ئاگان _وەك پێویست سوودی لێ وەرناگرن_ ئەویش تەندروستی باش و هەبونی كات ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا تزول قدما ابن ادم يوم القيامة من عند ربه حتى يسال عن خمس : عن عمره فيما افناه وعن شبابه فيما ابلاه وماله من اين اكتسبه وفيما انفقه وماذا عمل فيما علم ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 946 واته : ( پێی نەوەی ئادەم ناجولێ لە ڕۆژی قیامەت لە لای پەروەردگاری تاوەكو لە پێنج شت پرسیاری لێ نەگرێ : لە تەمەنی لە چی بە سەری برد ، وە لە گەنجێتیەكەی بە چی پیری كردوو لەچی بە كاری هێنا ، وە لە ماڵەكەی لە كوێ پەیدای كردووە وە لە چی سەرفی كردووە وە چی كردووە بەو زانستەی هەیبووە_ زانستەكەی چۆن كاری پێكردووە یان نەیكردووە_) .

**ئەمەی لەم فەرموودانە تێی ئەگەین**

1- كاتمان كەمەو مردنیش لە پێشمانەو ئەو كاتەشمان كە بە دەستەوەیە پاشی مردن پرسیارمان لێ ئەكرێ .

2- بە تایبەتی لە گەنجێتیمان پرسیار ئەكرێ چونكە گرنگ ترین كاتە لە ژیانی مرۆڤ دەبا بزانین چۆن وەڵامێك ئامادە ئەكەین ! .

3- كات نیعمەتێكی گەورەی خوای بەرزە بە ئێمەی بەخشیوە بەڵام زۆربەی خەڵك لێی بێ ئاگان .

4- موسڵمانی ژیر دونیا ناگۆڕێتەوە بە قیامەتی چونکە دونیا زوو لە ناو ئەچێ و قیامەت هەتا هەتایە ئەمێنێتەوە لە بەر ئەوە ئەو کاتەی لە دونیایە وەك ڕێبوارێکە و پەلە ئەکا لە گەیشتنی بە بەهەشت نەك بە مانەوە لە ڕێگاو بە جێمان !.

کەوابوودەبا زۆر ئاگادار بین بزانین ئەو کاتەی هەمانە پرسیارمان لێ ئەکرێ لە سەری کە لە چی سەرفمان کردووە ، وە با خۆمان خەریك نەکەین بە دەمە دەم کردن و جیدال و موناقەشەی بێ سوود و کاتمان بە فیڕۆ بدەین پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من ترك المراء وهو مبطل بني له بيت في ربض الجنة ، ومن تركه وهو محق بني له في وسطها ، ومن حسن خلقه بني له في اعلاها ) صحيح الترغيب والترهيب 134 واتە : ( ئەوەی واز بێنێ لە دەمە دەم و جیدال کە خۆشی لە سەر حەق نەبێ ئەوە ماڵێکی بۆ دروست ئەکرێ لە لایەکی بەهەشتا ، وە ئەوەی وازی لێ بێنێ و لەسەر حەقیش بێ ماڵێکی بۆ دروست ئەکرێ لە ناوەڕاستی بەهەشتا ، وە هەر کەسێ ڕەوشتی خۆی جوان بکات ئەوە ماڵێکی بۆ دروست ئەکرێ لە بەرزایی _بەرزترین شوێنی_ بەهەشت ) .

دەبا خۆمان بپارێزین لە ڕق لەیەك گرتن و نزاع و دەمە دەم ئایا نامانەوێ ماڵێك لە بەهەشت مسۆگەر بکەین ! ؟ وە بزانین پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ان ابغض الرجال الى الله الالد الخصم ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( لە هەموو پیاوێ زیاتر خوا ڕقی لێ بێتەوە ئەوەیە کە توندو تیژ بێ لە کاتی نزاع و کێشەی لە گەڵ خەڵکا ) .

ئەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە لە دونیا هەتا هەتایە ناژین کاتێکمان بۆ دیاری کراوە کە کۆتایی ژیانمانە ناشزانین کەی ئەو کاتە دێ جا با زۆر وریا بین و زۆر ئاگادار بین لەوەی ئەو کاتە کەمەی بە دەستمانەوەیە بە فیڕۆی بدەین و سوودی لێ نەبینین ، با بزانین کاتمان زۆر بە دەستەوە نەماوە بەیانی مردنەو بەیانیش نزیکە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ الحشر 18 واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لە خوا بترسن و خۆتان لە سزای خوا بپارێزن _بەوەی دووریکەنەوە لە تاوان و فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن_ با هەر نەفسەو سەیر بکا چی ناردووە بۆ بەیانی _کە حیسابی لە گەڵ ئەکرێ _ وە لە خوا بترسن و خۆتان لە سزای خوا بپارێزن _بەوەی دووریکەنەوە لە تاوان و فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن_ بە تەئکید خوا زانایە بە هەمو ئەو کردەوانەی ئەیکەن بە ئاشکراو نهێنی ) .

**باوکی حارث**